Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# بەرگریمانە بە پێی بۆچونی یۆل لە کورتەچیرۆکدا

**خەسرۆ ئەحمەد رەسوڵ**

دواناوەندیی ڕوناکیی ئێواران، بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی شەقڵاوە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی بەرگریمانە لە کورتەچیرۆکدا. بەپێی بۆچونی یۆل باسی جۆرەکانی بەرگریمانە کراوە. لەتوێژینەوەکە کورتەچیرۆکی (تاج و تەختی کوێخا هۆمەر)ی حەسەنی قزلجی بە نمونە وەرگیراوە و جۆرەکانی بەرگریمانەی پراگماتیکی بەپێی بۆچونی یۆل لە دەقی کورتەچیرۆکەکەدا هەڵهێنجراوە و بەپێی ئامار ڕێژەی سەدی هەر جۆرێکی بەرگریمانەی پراگماتیکی لەدەقی کورتەچیرۆکەکە دیارکراوە. توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام لەدو بەش پێکهاتوە. بەشی یەکەم بۆ باسکردنی چەمک و جۆرەکانی بەرگریمانە تەرخانکراوە. بەشی دوەمیش دو بەند لەخۆدەگرێت، بەندی یەکەم باسی شێوازناسی و زمانی کورتەچیرۆک دەکات. بەندی دوەمیش لایەنی پراکتیکییە و بەپێی ئامار ڕێژەی سەدی بەرگریمانە پراگماتیکییەکانی دیارکردوە.

**کلیلە وشەکان:** بەرگریمانە، کورتە چیرۆک، هەبونی، ڕاستەقینە، لێکسیکی، ڕۆنانی.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

**Received:** 13- October -2021

**Accepted:** 08-December-2021

**Published:** 29-June-2022

**Corresponding Author E-mail:**
khasro.khoshnaw67@gmail.com

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی :

### ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (بەرگریمانە بەپێی بۆچونی یۆل لە کورتەچیرۆکدا). بواری توێژینەوەکە ئاستی پڕاگماتیکە، بەڵام لە کاتی پێویستدا چوەتە نێو ئاستی سیمانتیک.

**گرنگیی توێژینەوەکە:** بەرگریمانە بابەتێکی گرنگی پڕاگماتیکە و تاکو ئێستا لە کورتەچیرۆکدا کاری لەسەر نەکراوە.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنورەکەی کورتەچیرۆکێکی حەسەنی قزلجییە، بەناونیشانی (تاج و تەختی کوێخا هۆمەر). ئەم کورتە چیرۆکە بە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست نوسراوە. لەکاتی پێویستیش، کە نمونەی ڕستەی جگە لە کورتەچیرۆکەکە هێنراوەتەوە، نمونەی ڕستەی ئاخێوەرانی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** بەپێی بۆچونی یۆل باسی جۆرەکانی بەرگریمانەی پڕاگماتیکی کراوە و جۆرەکانی بەرگریمانەی پڕاگماتیکی لەنێو دەقی کورتە چیرۆکەکە هەڵهێنجراوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** جگە لە پێشەکی و ئەنجام و پاشکۆ لە دو بەش پێکهاتوە. لە بەشی یەکەمدا، باسی چەمکی بەرگریمانە و تایبەتمەندییەکانی و جۆرەکانی بە هەردو بەشی سیمانتیکی و پڕاگماتیکی کراوە و جۆرەکانی بەرگریمانەی پڕاگماتیکیش خراوەتەڕو.

بەشی دوەم لە دو بەند پێکدێت، لە بەندی یەکەم باسی شێوازناسی و زمانی کورتەچیرۆک و تایبەتمەندییەکانی کراوە. بەندی دوەمیش لایەنی پڕاکتیکییە و بە ئامار ڕێژەی سەدی هەر جۆرێکی بەرگریمانەی پڕاگماتیکی دیارکراوە. لە کۆتاییدا لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕو.

### 1) بەشی یەکەم: چەمکی بەرگریمانە و جۆرەکانی

مرۆڤەکان لە کاتی ئاخاوتندا، بیرۆکەکان دەخەنە نێو وشەکان و سۆز و ناخ و هیوا و ئامانجیان پێدەردەبڕن، لەکاتێکدا کەسانێک گوێگرو وەرگری پەیامەکەیانن و بەپێچەوانەشەوە وەرگر دەبێتەوە نێرەر. گۆڕینی وشە بۆ بیرۆکە و دروستکردنی چەمک و هەست لەلای نێرەر پێشبینی ئەوە دەکات، کە وەرگر بە هۆی زانیاریی هاوبەشی نێوانیان لە بیرۆکەکە بگات (clark and clark,1977:3). زاراوەی بەرگریمانە بۆ یەکەمجار لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی گوتلۆب فریگە بەکارهات. لەبنەڕەتدا ئەم زاراوەیە لە فەلسەفەی زمان بەکاردەهات، بەڵام دواتر، کە دەرکەوت هەندێک لە زاراوە لێکسیکی و ڕۆنانە زمانییەکان ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی بەرگریمانەدا هەیە، خرایە نێو زمانەوانییەوە (levinson,1983:169). بەرگریمانە ئەو شتەیە، کە بە ڕاست دادەنرێت و زانیاریی تر دڵنیادەکاتەوە و ئەو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

پێشبینییەی کە دەکرێت وەکو خۆی بە جێگیری دەمێنێتەوە، هەتا ئەگەر دەربڕینەکە بۆ فۆرمی نکۆڵی و دڵنیایی و پرسیاریش بگۆڕێت (Hudson,2000:321). لە بەرگریمانەدا زانیاریی هاوبەش لەنێوان نێرەر و وەرگردا هەیە، ئەگینا وەرگر ناتوانێت لە مەبەستی نێرەر بگات. نێرەر و وەرگر پەیامەکانیان بەشێوەیەک دادەنێن، کە پێشتر تاڕادەیەک زانیارییان هەبوە لەسەر ئەوەی کە ڕادەگەیەنرێت (lawall,2003:153). بەرگریمانە کردەی تێگەیشتن لەنێوان نێرەر و وەرگر ئاساندەکات، چونکە ئەو واتایەی کە گوتنەکە دەیبەخشێت، گەلێک زیاترە لە واتای ڕستەکە. وەرگر دەقی ڕستەکە و دەوروبەرەکەی و ڕۆنانەکەی و کارەکەو زانیاریی دیاریکراوی پەیوەست بە بابەتەکە بەرگریمانە دەکات، نەک تەنیا لۆجیکی ڕستەکە (دیار عەلی کەمال،2009: 104). بۆ نمونە:

- لەشکری ڕوسی قەیسەری هات (حەسەنی قزلجی،45:1985).

‹‹ ڕوسی قەیسەری لەشکری هەیە.

دەشێت زیاتر لە بەرگریمانەیەک هەبێت، بۆ نمونە:

-کەی وازت لە جگەرەکێشان هێناوە؟

دو بەرگریمانە هەن، کە بریتین لە:

‹‹تۆ ئالودەی جگەرەکێشان بویت.

‹‹ماوەیەکی کەمە وازت لە جگەرەکێشان هێناوە (جورج یول،138:2000).

بەرگریمانە کۆمەڵە زانیارییەکن، کە نێرەر لەپێشدا گریمانەی ئەوەی کردوە، کە وەرگر پێویستی پێی نییە و پاشخانی لەم بوارەدا هەیە و دەیانزانێت، بۆیە ڕاستەوخۆ باسیانناکات، بەڵام وەرگر لە پەنای هەندێک زانیاریی تری ناو ڕستەکەوە بەرگریمانەکان هەڵدەهێنجێت (بەکر عومەر عەلی،80:2000). بەپێی بۆچونی یۆل نێرەر هەمیشە پەیامە زمانییەکەی لەسەر بنەمای بەرگریمانە بۆ وەرگر دەنێرێت (جورج یول،138:2000). هەروەها وانگ گەیشتوەتە ئەو ئەنجامەی کە بەکارهێنانی بەرگریمانەکان دەبێتە هۆی بەرفراوانکردن و زیادکردنی مەودای زانیاری و قەرەبوی زانیاریی لەدەستچو دەکاتەوە، جگەلەوەش بەکارهێنانی بەرگریمانە سەرنجی بەشداربوان بۆ خۆی ڕادەکێشێت (wang,2010:60).

## 1-1) تایبەتمەندییەکانی بەرگریمانە

### 1-نەرێکردن

بەرگریمانە لەڕوی لۆجیکەوە بریتییە لەو پەیوەندییە دروستەی کە لە نێوان دو ڕستە هەیە و بەنەرێکردن بە جێگیری دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت، واتە هەر گوتەیەکی ئەرێ، کە دەکرێتە نەرێ، بەرگریمانەکەی بەجێگیری دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت (جورج یول،138:2000). واتە بەرگریمانەی ڕستەی A، بریتییە لەوەی کە بەرگریمانەی ڕستەی B



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

دەکات، ئەگەرB بە شێوەیەکی لۆجیکی لێکەوتەی A بێت، هەروەها بە نەرێکردنی ڕستەیA ، دیسان بەشێوەی لۆجیکی ڕستەی B لێبکەوێتەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە دروستی ڕستەی B پەیوەستە بەدروستی و نادروستیی ڕستەیA . بۆ نمونە:

A –هەر لە بەیانییەوە ڕۆژێک لە بازاڕی مەهاباد سەودا و کڕین و فرۆشتن وێستا (حەسەنی قزلجی،42:1985).

›› مەهاباد شارێکە و بازاڕی هەیە.

بە نەرێکردنی ڕستەکە دەبێتە:

B– هەر لە بەیانییەوە ڕۆژێک لە بازاڕی مەهاباد سەودا و کڕین و فرۆشتن نەوێستا.

›› مەهاباد شارێکە و بازاڕی هەیە.

بەم پێیە بەنەرێکردنی ڕستەیA ، کە لەB خرایەڕو، بەرگریمانەکە هەروەکو خۆی مایەوە، کە

›› مەهاباد شارێکە و بازاڕی هەیە.

2– کەوتنی بەرگریمانە

دەشێت بەرگریمانەی گوتنەکە لەگەڵ ڕاستیی کەتواردا نەگونجێت. بۆ نمونە:

– سەرۆک کۆماری کوێت سەردانی عیراق دەکات.

ئەو بەرگریمانەیە لەگەڵ ڕاستی و دروستیی کەتواردا یەکناگرێتەوە، چونکە کوێت وڵاتێکی کۆماری نییە، بۆیە ئەم بەرگریمانەیە هەڵدەوەشێتەوە. کاتێک نێرەر گرێی ناویی سەرۆک کۆماری کوێت بەکاردێنێت، واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە بونی بسەلمێنێت، بەڵکو ڕەنگە نێرەر تەنها گریمانە بکات و پابەند نەبێت بەڕاستیی ئەو باسەی کە گرێ ناوییەکە لەخۆی گرتوە (عومەر مەحمود کەریم، 51:2009). واتە وەرگر گریمانە دەکات، بەڵام لە بونی کەسەکە دڵنیانییە. بەم پێیە ئەگەر کەسەکە بونی نەبێت، ئەوا گریمانەکە ڕاست نابێت و گوتنەکەش هەڵە نابێت، واتە نەڕاستە و نەهەڵەیە (جولیا.اس. فالک،372:1377).

## 1-2) جۆرەکانی بەرگریمانە

بەشێوەیەکی گشتی بەرگریمانە دەبێتە دو جۆر، کە ئەمانەن:

### 1-2-1)بەرگریمانەی سیمانتیکی

بەرگریمانەی سیمانتیکی بەهۆی واتای ڕستەوە دەستدەکەوێت (leech,1974:40). ئەم جۆرە بەرگریمانەیە پشت بە واتا لێکسیکییەکان دەبەستێت، کە دەبنە هۆی دروستبونی بەرگریمانەکە(Shmid,2001:152-173). ئەم جۆرە بەرگریمانەیە پەیوەستە بەو زانیارییەی لەنێو ڕستەکەدایە و پەیوەست نییە بە دەوروبەرەوە (شێرزاد سەبری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

عەلی،157:2014). بەرگریمانەی سیمانتیکی پەیوەستە بە ڕاستیی نێوان دو باس، ئەگەر A ڕاست بێت، ئەوا Bیش ڕاستە. بۆ نمونە:

– پزیشکی هەناو هاتوە؟

–گشت پزیشکەکان هاتون.

‹‹پزیشکی هەناو هاتوە.

## 1-2-2)بەرگریمانەی پڕاگماتیکی

بەرگریمانەی پڕاگماتیکی پەیوەستە بە دەوروبەرەوە و پەیوەندیی بەمەرجی ڕاستییەوە نییە. دەشێت نەرێ بکرێت. لە نەرێکردنیشدا، سەرەڕای دژیەکی ڕستەکان لەگەڵ یەکتر، ئەوا بەرگریمانەکە هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە (جورج یول،139:2000).

دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگ لە لێکدانەوەی بەرگریمانەی پڕاگماتیکی دەگێڕێت، چونکە بەبێ زانینی دەوروبەری گوتنەکە ناتوانرێت بەرگریمانەکە هەڵبهێنجرێت. دەوروبەر دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە تەواوی لە واتای گوتنەکان بگەیت و بەرگریمانەکە هەڵبهێنجیت. دەوروبەر وا دەکات، کە وەرگر شرۆڤە بۆ مەرامە شاراوەکانی نێرەر و ئەو کەسانە بکات، کە لە ئاخاوتنەکە بەشدارن و ئامانجیان بزانێت (spender,2002:183).

فراوانترین بیروڕا بۆ بەرگریمانە بریتییە لە بیروڕای فیلمۆر(1971 )، کە بارودۆخی گوتنەکە لێکدەداتەوە (عەبدولواحید موشیر دزەیی،188:2011)، کەواتە دەق و دەوروبەر یەکتر تەواودەکەن (عماد عبد یحیی،240:2021). بەرگریمانە کورتبڕییە و کردەی تێگەیشتن لەنێوان نێرەر و وەرگردا ئاساندەکات و ئەرک دەخاتە سەر وەرگر و کاتیش زیاتر بەفیڕۆنادات (عەبدولواحید موشیر دزەیی،119:2011). نێرەر دەزانێت، کە وەرگر ئەو زانیارییەی دەربارەی ئاین، کلتور، دابونەریت و... هتد هەیە، بۆیە لە گوتنەکەدا دەرینابڕێت و لێکدانەوەکەی بۆ وەرگر جێدەهێڵێت. بۆ نمونە: پەنجەرەکە بکەوە.

لەم ڕستەیەدا، پەیوەندیی نێوان نێرەر و وەرگر نیشاندراوە، کە داوای کردنەوەی پەنجەرەیە. ئەو دەوروبەرەی کە ڕستەکەی تێدا وتراوە، ئەوەیە، کە پەنجەرەکە داخراوە، یان ژورەکە گەرمە، یان دەیەوێت هەوای ژورەکە بگۆڕێت. ئەمانەش لەنێو ڕۆنانی ڕستەکەدا نین. بەم پێیە پاشخان ڕۆڵێکی کارا لە بەرگریمانەی پڕاگماتیکیدا دەبینێت. پاشخانیش زانیارییە داکراوەکانی لای وەرگرە، کە بەهۆیەوە ئەو ڕاستییانەی کە نەگوتراون لێکدانەوەیان بۆ دەکات و بەرگریمانەکە هەڵدەهێنجێت. پاشخان پێشتر لە مێشکی مرۆڤدا هەبوە و لە کاتی گفتوگۆ و ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ گوتارە جۆربەجۆرەکاندا چالاک دەبێت (علی سولحجو،2005:20–19).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

### 1-2-2-1) جۆرەکانی بەرگریمانەی پڕاگماتیکی

بەپێی بۆچونی یۆل، بەرگریمانەی پڕاگماتیکی شەش جۆری هەیە، کە بریتین لە (Yule,2000,27–30):

### 1-بەرگریمانەی بونی

هەندێک فۆڕمی زمانی هەن، کە بەهۆیانەوە بەرگریمانەی بونی هەڵدەهێنجرێت، ئەوانیش بریتین لە ڕۆنانی خاوەندارێتی، ناسیاری و ناوی تایبەتی. (Ibid:27) بۆ نمونە:

–هاتوچۆ بۆ سەردەشت نەبو (حەسەنی قزلجی، 43:1985).

‹‹شارێک بەناوی سەردەشت هەیە.

–لە تارانەوە بڕیاردرا مەسەلەکە لە کورتی ببڕنەوە (سەرچاوەی پێشو: 44).

‹‹شارێک بە ناوی تاران هەیە.

‹‹ بە هۆی کلیتیکی ناسراوی دەزانرێت، کە مەسەلەیەک بونی هەیە.

– کا حسێن هەم سەید بو، هەم بەڕاوێژی دەمی عەشایری دەزانی (سەرچاوەی پێشو: 45).

‹‹کا حسێن هەیە.

–ئەمە ڕەسم و باوی کوردەواری نییە (سەرچاوەی پێشو: 49).

‹‹کوردەواری ڕەسم و باوی هەیە.

### 2- بەرگریمانەی ڕاستەقینە:

لە بەرگریمانەی ڕاستەقینەدا، بەکارهێنانی دەربڕینێکی دیاریکراو دەبێتە هۆی بەرگریمانەکردنی ڕاستیی زانیارییەک. لەم بەرگریمانەیەدا هەندێک کار هەن، کە بەرگریمانەی ڕاستەقینە دەبەخشن و ڕاستن (Yule,2000,27–28)، وەکو کارەکانی: زانین، تێگەیشتن، درککردن، پەشیمانبونەوە، مکوڕبون، خۆشحاڵبون، ئاگاداربون، سەیربون، شانازیکردن، لێبوردن، سەربەرزبون، ئاسودەبون...هتد بۆ نمونە:

–زۆری پێنەچو زانرا، سەرباز دەوری شاری گرتوە.

‹‹ شار لەلایەن سەربازەوە دەورەدراوە.

–من دەزانم، کە نەوزاد مامۆستایەکی باشە.

‹‹نەوزاد مامۆستایەکی باشە.

–ئاگادار نەبوین، کە تراکتۆر زەوییەکەی کێڵاوە.

‹‹زەوییەکە بە تراکتۆرکێڵراوە.

–خۆشحاڵم، کە ئەلەند ئاڵای مارەکردوە.

‹‹ئەلەند ئاڵای مارەکردوە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

## 3-بەرگریمانەی لێکسیکی

لە بەرگریمانەی لێکسیکیدا، نێرەر دەربڕینێکی دیاریکراو بۆ بەرگریمانەکردنی چەمکێکی شاراوە بەکاردەهێنێت (Ibid:28). چەندین وشە و گرێ و دەستەواژەی جەختکردن ڕۆڵ لەم بەرگریمانەیەدا دەبینن، وەکو: وازهێنان، دەستکردن بە، هەوڵدان، هەروەها هەندێک ئاوەڵکار ڕۆڵ لەم بەرگریمانەیەدا دەبینن وەکو: دیسان، دوبارە، جارێکی تر، ئەمجارەش...هتد. ئەو کارانەی واتای بەرگریمانەی لێکسیکی دەبەخشن، دەبێت کارەکە ڕابردو بێت و لەڕوی ئەسپێکتەوە بەسەرچوبێت و تەواوبوبێت (عومەر مەحمود کەریم، 2009: 97). بۆ نمونە:

–ئەمجار خەڵک زیاتر تینوی دەنگوباس بون (حەسەنی قزلجی،42:1985).

‹‹ پێشتر خەڵک ئەوەندە تینوی دەنگوباس نەبون.

–کاروان وازی لە یاری تێنس هێناوە.

‹‹پێشتر کاروان یاری تێنسی دەکرد.

## 4-بەرگریمانەی ڕۆنانی

ڕۆنانی پرسیاری ڕۆڵ لە دروستکردنی ئەم بەرگریمانەیەدا دەبینێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە وەرگر باوەڕ بەوە بکات، کە ئەو زانیارییە ئاشکراکراوەی کە دەکەوێتە دوای وشەی پرس ڕاستە (Yule,2000,28). بۆ نمونە:

– قسەی چی بکەین؟ ((قسە هەزارە، یەکی بەکارە)) (حەسەنی قزلجی،1985:51-50).

‹‹لە هەزار قسەدا، تەنیا یەک قسە بەکارە.

–بۆچی مامۆستای بیرکاری نەهاتوە؟

‹‹مامۆستای بیرکاری نەهاتوە.

## 5- بەرگریمانەی ناڕاستەقینە

لەم بەرگریمانەیەدا، هەندێک کاری وەکو: خەیاڵکردن، وادانان، وانیشاندان، خەون بینین، وێناکردن....هتد بەرگریمانەی ئەوە دەکەن، کە ئەو گریمانەیەی لەلایەن نێرەرەوە دانراوە و ڕستەکەی بۆ دەربڕاوە، گریمانەی ناو ڕستەکە بەپێی پێوانەکانی ڕاستی لەگەڵ لۆجیکدا یەکناگرێتەوە و ناگونجێت (ئاڤێستا کەمال مەحمود، 111:2009). هەندێک پێکهاتەی وەک: وازانین، واخۆنیشاندان، واخۆدەرخستن، پێوابون، پێشنیازکردن، پێشبینیکردن، هەڕەشەکردن، مەزەندەکردن، بڕیاردان، نیازبون، گرەوکردن، ڕەنگە....هتد گریمانەی ئەوە دەکەن، کە زانیارییەکە ناڕاستە (عومەر مەحمود کەریم2009، 87-88). بۆ نمونە:

–کابرای ئەفسەر سپی هەڵگەڕابو، لە بیچمی وا دەردەکەوت لای وایە بەدەست ئەم دێو و درنجەوە هەزار گیانی پێبێ گیانێک بەساغی دەرناکات (حەسەنی قزلجی،49:1985).

‹‹دێو و درنج گیانداری خەیاڵین و ڕاستەقینە نین.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

›› هیچ کەس هەزار گیانی نییە.

- لە خەونمدا، بوبومە فرۆکەوان.

››نەبومەتە فرۆکەوان.

### 6-بەرگریمانی مەرجی

بەرگریمانەی مەرجی زیاتر بە هۆی ڕستەی مەرجییەوە هەڵدەهێنجرێت. ئەم جۆرە بەرگریمانەیە نەک دروست نییە، بەڵکو پێچەوانەی ڕاستییە (Yule,2000,28). بۆ نمونە:

- دنیا ژێروژوربێ، هەر ئەوان فرۆشیان بێ، پەکیان پێناکەوێ (حەسەنی قزلجی،42:1985).

››دنیا ژێر و ژور نەبو.

-ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەم کڕیبا، دەچومە گەشت.

››ئۆتۆمبێلەکەم نەکڕیوە.

## 2)بەشی دوەم:

### 2-1) بەندی یەکەم: شێوازناسی (ستایلیستیکس) و زمانی کورتە چیرۆک

زمان ڕۆڵێکی گرنگ لە شێوازناسی دەبینێت و چەمکی شێوازناسی بەپێی بەکارهێنانی زمان بۆ هەندێک ئامانجی دیاریکراو پێناسەی جیاوازی بۆ دەکرێت. شێوازناسی بریتییە لەو میتۆد و ڕێگایەی شرۆڤەی دەقێکی ئەدەبیی پێدەکرێت لە ڕێگای بەکارهێنانی زمان لەنێو ژانرێکی ئەدەبیدا. لە ێگای ئامرازەکانی شرۆڤەکردنەوە، شێوازناس تیۆرەکانی زمانەوانی بۆ وەسفکردن و شیکردنەوە و شێوە و هۆکاری واتای دەق وەک هەیە، بەکاردەهێنێت (1: Norgaard, Montoro, &Busse.2010)، یان شێوازناسی ئەو میتۆدەیە، کە بۆ شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی دەق بەکاردێت و زۆر بایەخ بە زمان دەدات، چونکە ئاست و فۆڕم و ڕێکخستنە ڕۆنانییەکانی زمان ڕێبەرێکی گرنگی ئەرک و کاری دەقن (Simpson,2004:2)، یان ئەو ئامرازانەی هزرن، کە لە یاساکانی زماندا بەکاردێن. کاریگەرترین ئامرازەکانی شێوازناسیش بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو وشانەی بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاردێن. بەکارهێنانی جیاوازیی وشەکان لەنێو ئاخاوتن، یا دەق کاری سەرەکیی شێوازناسییە. تێگەیشتن لە ئاخاوتن، یا دەق لەڕێگای شێوازناسییەوە دەبێت. بەم پێیە شێوازناسی بریتییە لە ڕەفتارکردن لەگەڵ دەقی ئەدەبیی جیاواز، جا ئەو دەقە ئەدەبییە دەشێت نوسین، ئاخاوتن، دیالۆگ،...هتد بێت. کەواتە شێوازناسی بریتییە لە شرۆڤەکردنی دەقی ئەدەبی لە ڕوانگەی وەسفی زمانەوانییەوە. بەم پێیە شێوازناسی بەشێکە لە زمانەوانی و بریتییە لەو ڕێگایەی کە نوسەر (نێرەر) پەیرەویدەکات بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بە خوێنەر (وەرگر). نوسەر (نێرەر) هەندێک وشە هەڵدەبژێرێت، کە پەیوەستن بە دەوروبەرەوە. کەواتە شێوازناسی بریتییە لە ڕەفتارکردن لەگەڵ دەقی ئەدەبی و شرۆڤەکردنی بەپێی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

ئەو بوارە دیاریکراوەی کە بۆی بەکارهاتوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی دەوروبەری گوتنەکە. بەم شێوەیە دەق و دەوروبەر یەکتر تەواودەکەن و دەقە جوان و ئاساییەکان پەیوەستن بە دەوروبەرەوە (عماد عبد يحيى،240:2021).

## 2-1-1)چیرۆکنوس و زمانی کورتە چیرۆک

زمان هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی بیر و سۆز و هەست و گوزارشتکردن لە ناخی مرۆڤ. هەندێک چیرۆکنوس بەپێی پاشخانە ڕۆشنبیرییەکەی گوزارشتکردنەکەی بەهێزە، یان لاوازە. زمانی هەندێک چیرۆکنوس بەرزە تا وای لێدێت بە زمانەکەی لەنێو چیرۆکنوسەکانی تر دەناسرێتەوە (عبدالمجيد محمد خلف، https://buyerpress.com/?p=64099)، چونکە شێواز پەیوەستە بە خودی نوسەرەکەوە و زمانیش ئامرازی شێواز و هۆکاری گوزارشتکردنیەتی. دەبێت چیرۆکنوس شارەزایی لە وردەکارییەکانی بەکارهێنانی زمان هەبێت بۆ ئەوەی ڕوخسار و ناوەڕۆک هاوشانی یەکتر جوان و سەرنجڕاکێش دەربکەون و خوێنەر بۆ خۆی کەمەندکێش بکات.

دەبێت چیرۆکنوس کەسێکی شارەزا بێت و ئاگاداری ئاین، یاسا، کلتور و دابونەریتی کۆمەڵگەکەی بێت و ئاگاداری وشەکانی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، زمانی منداڵ، هەرزەکار، پیر، ژن و پیاو بێت، هەروەها لە ڕوی دەرونییەوە شارەزاییەکی ئەوتۆی هەبێت، چونکە کاتێک کارەکتەرەکانی لە چیرۆکەکە بەکاردێنێت، دەبێت وشەکانی کارەکتەرەکە بەپێی تەمەن و چینایەتییەکەی بێت. کاتێک کارەکتەرێک لە کورتەچیرۆکێکدا چەند هەڵوێستێکی جیاواز دەبینێت، ئەوا هەر هەڵوێستێکی پێویستیی بە وشە و زمانی تایبەت بەم هەڵوێستە هەیە.(سەرچاوەی پێشو)

## 2-1-2) تایبەتمەندییەکانی زمانی کورتەچیرۆک

کورتە چیرۆک چەند تایبەتمەندییەکی هەیە لەوانە:

1-شیعرییەتی زمان یەکێکە لە جوانییەکانی کورتەچیرۆک، کە دیالۆگ و وەسفەکانی کورتن(منذرفالح الغزالي، https://www.almothaqaf.com/b2/923657 ).

2- چڕیی دەربڕین یەکێکە لە ڕەگەزەکانی کورتە چیرۆک. ئەم چڕییە ئابوریکردن نییە لە ژمارەی وشەکان، بەڵکو چڕیی واتایە، کە وشە هەیە چەندین واتای لێباردەکرێت (سەرچاوەی پێشو).

3-بەکارهێنانی لادانی زمانی، چونکە شێواز جۆرە لادانێکە لە پێکهاتەی دەق. ئەم لادانەش پەیوەندییەکی بەناویەکداچوی بە زمانێکی تازە و ڕەوانبێژییەکی تازە هەیە، بەتایبەتی تا یاساکانی زمانەکە ببەزێنرێن، شێواز دەگاتە پلەیەکی بەرزتر(هێمن عومەر خۆشناو،139:2010).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

4-دەبێت چیرۆکنوس شارەزایی لە وردەکارییەکانی زمان هەبێت وەکو بەلوتکەکردن، دواخستن، جۆرەکانی ڕستە لەڕوی ناوەڕۆک و ڕۆنانەوە و...هتد.

5- بەکارهێنانی جەفەنگ.

چیرۆکی تاج و تەختی کوێخا هۆمەری حەسەنی قزلجی ئەم تایبەتمەندییانەی سەرەوە تێدایە.

## 2-2) بەندی دوەم: لایەنی پراکتیکی و ئاماری بەرگریمانەکان لە چیرۆکی (تاج و تەختی کوێخا هۆمەر)ی حەسەنی قزلجی

**لە دەقی کورتەچیرۆکەکەدا، بەرگریمانەی پراگماتیکی و جۆرەکانی و ژمارەکەی دیارکراوە و لەم خشتەیەدا ڕونکراوەتەوە:**

| ڕستە | بەرگریمانە | جۆری بەرگریمانە | ژمارەی بەرگریمانەکان |
|---|---|---|---|
| **١- چەند ساڵ پێش شەڕی دوەمی جیهانی، هەر لە بەیانییەوە ڕۆژێک لە بازاڕی مەهاباد، سەوداو کڕین و فرۆشتن ویستا.** | ١-لەجیهاندا شەڕی دوەمی جیهانی ڕویداوە.<br>٢- شارێک بە ناوی مەهاباد هەیە.<br>٣- مەهاباد بازاڕی هەیە.<br>٤-لە بازاڕی مەهاباد کڕین و فرۆشتن هەیە. | بونی<br>بونی<br>بونی<br>ڕاستەقینە | ٤ |
| **٢-دوکاندارەکان کە هەمو شتێک بە گەزی خۆیان دەپێون.<br>وە هەمو شتێک بە سەنگ و تەرازوی خۆیان دەکێشن، تا گەز و تەرازویان لەکاردابێ بە تەنگ هیچەوە نین.** | ١-دوکاندارەکان گەزیان هەیە.<br>2-دوکاندارەکان تەرازویان هەیە.<br>3-بازاڕیان هەبێت، خەمی هیچیان نییە. | بونی<br>ڕاستەقینە<br>بونی | ٣ |
| **٣-دنیا ژێروژور بێ، هەر ئەوان فرۆشیان ببێ، پەکیان پێ ناکەوێ.** | ١-دنیا ژێرو ژور نەبوە. | مەرجی | ١ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

| | | | |
|---|---|---|---|
| **٤-ئەو ڕۆژە نیو گەز وەکو مقاشی هاوین لەولاوە کەوتبو.** | ١-پێشتر نیو گەز لەولاوە نەکەوتبو. | لێکسیکی | ١ |
| **٥-تەرازوش مریشکە کورکت تیدا بنایەتەوە.** | ١-مریشک لەناو تەرازو کورکنابێت. | ناڕاستەقینە | ١ |
| **٦-کتوپڕ چپە چپ کەوتە بازاڕ.** | ١-پێشتر چپەچپ لە بازاڕ نەبوە. | لێکسیکی | ١ |
| **٧-یەک لە یەکی دەپرسی:چ باسە؟کرمانج ئەمرۆ بۆ دەرمانیش دەست ناکەوێ؟** | ١-ئەمڕۆ هیچ کرمانجێک لە بازاڕ نییە. | ڕۆنانی | ١ |
| **٨- زۆری پێ نەچو زانرا: سەرباز دەوری شاری گرتوە.** | ١-شار دەورەدراوە. | ڕاستەقینە | ١ |
| **٩-سوخرەیە، ماین، ئەسپ، وشتر، گوێدرێژ، هەرچی بە کاری سواری و باری بێت بە سوخرە دەگیرێ.** | ١-ماین هەیە.<br>٢-ئەسپ هەیە.<br>٣-وشتر هەیە.<br>٤-گوێدرێژ هەیە. | بونی<br>بونی<br>بونی<br>بونی | ٤ |
| **١٠-ئەمجار خەڵک زیاتر تینوی دەنکوباس بون.** | ١-پێشتر خەڵک تینوی دەنکوباس نەبون. | لێکسیکی | ١ |
| **١١-چییە؟ چ قەوماوە؟ کەس نەیدەزانی! کەسیش نەیدەوێرا زۆری لێبکۆڵێتەوە. کاروباری لەشکری دەوڵەتەو نهێنییە، لێکۆڵینەوەی باسی سەرە.** | ١-خەڵک ناوێرێت باسی کاروباری نهێنیی دەوڵەت بکات. | ڕۆنانی | ١ |
| **١٢-دو سێ ڕۆژی پێچو، وردە وردە سوخرە براوە.** | ١-پێشتر سوخرە هەبوە. | لێکسیکی | ١ |
| **١٣-وەزع هاتەوە دۆخی خۆی.** | ١-پێشتر بارودۆخ خراپ بوە. | لێکسیکی | ١ |
| **١٤-دەنگوباس بڵاوبۆوە.** | ١-پێشتر دەنگوباس بڵاونەبوبوەوە. | لێکسیکی | ١ |
| **١٥-بەشێک لەو لەشکرەی لە مەهابادە، چوە بۆ ناو (گەورکان).** | ١-لەشکر هەیە.<br>٢-مەهاباد هەیە.<br>٣-گەورکان هەیە. | بونی<br>بونی<br>بونی | ٣ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

| | | | |
|---|---|---|---|
| **١٦-پاشان خەبەر گەیشت لە گەورکانیش تێپەڕیوەو بەرەو سەردەشت ڕۆیشتوە.** | ١-گەورکان هەیە.<br>٢-سەردەشت هەیە. | بونی<br>بونی | ٢ |
| **١٧-ئیتر دەنگوباس وشکاوی هات.** | ١-پێشتر دەنگوباس هەبوە. | لێکسیکی | ١ |
| **١٨-هێندێک دەیانگوت: ڕەنگە ئەمانە چوبن هیی سەردەشت بگۆڕن.** | ١-بەشێکی لەشکر چوەتە سەردەشت. | ڕاستەقینە | 1 |
| **١٩-هێندێکانیش دەیانگوت: ڕەنگە لەو ناوە شەڕ بێت.** | ١-لەو ناوچەیە شەڕە. | ڕاستەقینە | 1 |
| **٢٠-هاتوچو بۆ سەردەشت نەبو، نەیاندەهێشت هیچ کەس ببیسێ.** | ١-پێشتر هاتوچۆ بۆ سەردەشت هەبو و خەڵک شتی دەبیست. | لێکسیکی | 1 |
| **٢١-ئەوە ببوە مەتۆڵەکەیەک کەس نەیتوانی هەڵبێنێ تا شێن و شەپۆڕ لە ماڵی (حەیدەر عەلی خان) دا کەوت.** | ١-پێشتر شین و شەپۆڕ لە ماڵی حەیدەر عەلی خان دانەکەوتبو.<br>٢- حەیدەر عەلی خان هەیە. | لێکسیکی<br>بونی | ٢ |
| **٢٢-حەیدەر عەلی خان فەرماندەی بەشی شەست تیری ئەو لەشکرە بو، کە چوبوە سەردەشت. دەرکەوت، کە سەید عەلی خان کوژراوە.** | ١-حەیدەر عەلی خان فەرماندەی بەشی شەست تیری لەشکرەکەیە.<br>٢-پێشتر دەرنەکەوتبو، کە سەید عەلی خان لەلایەن لەشکرەوە کوژراوە. | ڕاستەقینە<br>لێکسیکی | ٢ |
| **٢٣-خەڵک لە ژمارەی سەربازە کوژراوەکان کەوتنەخۆ.** | پێشتر خەڵک باسی ژمارەی سەربازی کوژراوی نەدەکرد. | لێکسیکی | 1 |
| **٢٤-یەکێک دەیگوت: سەد سەرباز کوژراوە. یەکێک دەیگوت دو سەد. هیی وابو دەیانگەیاندە پینج سەد. هێندێکیش دەیانگوت قەڵاچۆیان تێخراوەو چۆلەکە کوژیان نەماوە.** | هەمو سەربازەکان نەکوژراون، بەڵام زۆریان لێ کوژراون. | ناڕاستەقینە | 1 |
| **٢٥-خەڵک ئەوەندەیان حەز بە فەوتانی لەشکری دەوڵەت دەکرد، ئەوەی لە دڵیاندا** | دەوڵەت ستەمکار بوە. | ڕاستەقینە | 1 |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

| | | | |
|---|---|---|---|
| بو بە زۆرکردنی ژمارەی سەربازە کوژراوەکان دەریان دەبڕی و، بەم جۆرە کفت و کۆی دڵی خۆیان دەڕشت. | | | |
| **٢٦-بەڵام سەرلەبەریش بتگرتایە قسەکەیان بێ ناوەڕۆک نەبو، چونکە ئەو بەشە لەشکرەی دەوڵەت کە لە سەردەشت بو هیچی پێ نەکرا.** | لەشکرەکەی سەردەشت هیچی پێنەکرا. | ڕاستەقینە | 1 |
| **٢٧-دەوڵەت نەیدەویست وەکو جاران، کە لە هەرلایەکی کوردستانی ئێران جوڵانەوەیەک ببوایە تفەنگی بە عەلی ئاغای حاجی ئێلخانی و قەرەنی ئاغای مامەش و چەند سەرۆک عەشیرەتی خۆفرۆشی دیکە کۆدەکردەوەو جوڵانەوەکانی کوردی بە کوردەکان دەخنکاند، ئەمجاریش وابکات.** | ١-پێشتر دەوڵەت بۆ کپکردنەوەی جولانەوەکان چەکی بە چەند سەرۆک هۆزێک دەدا.<br>٢- عەلی ئاغای حاجی ئێلخانی هەیە.<br>٣- قەرەنی ئاغای مامەش هەیە.<br>٤-چەند سەرۆک عەشیرەتێک هەن. | لێکسیکی<br>بونی<br>بونی<br>بونی | ٤ |
| **٢٨-دەوڵەت خۆی بە دەسەڵاتدار دەزانی.** | ١-دەوڵەت بونی هەیە. | بونی | 1 |
| **٢٩-ئەوانیشی چەک چن کردبو، ئیتر نەیدەویست جارێکی دیکە چەکیان بداتەوە دەست. دەیگوت: ((ڕەش هەر ڕەشە)).** | ١-پێشتر چەکی دەدانە دەست.<br>٢-کورد هەر کوردە. | لێکسیکی<br>ڕاستەقینە | 1 |
| **٣٠-ئەمانە با خائینی گەلەکەشیان بن، هەر کوردن و جێگای بڕوا نین.** | جاشەکان جێگای بڕوای دەوڵەت نەبون. | ڕاستەقینە | 1 |
| | | | |
| **٣١-نەشیدەویست لە شارەکانی دیکە لەشکر بێنێ، تا خەڵک نەزانن هێشتا کەسی وا ماوە بتوانێ لە زەمانی ڕەزاشادا سەری دڵی هەڵاوێ.** | خەڵک دژایەتی دەوڵەت دەکات. | ڕاستەقینە | 1 |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

| | | | |
|---|---|---|---|
| **٣٢-له‌ تارانه‌وه‌ فه‌رمان درا مه‌سه‌له‌كه‌ له‌ كورتی ببڕنه‌وه‌و پوش به‌سه‌ری كه‌ن.** | پێشتر بابه‌ته‌كه‌ له‌ كورتی نه‌بڕاوه‌ته‌وه‌ و پوش به‌سه‌ر نه‌كراوبو. | لێكسیكی | 1 |
| **٣٣-فه‌رمانده‌كانی له‌شكری (ورمێ) و (مه‌هاباد) و (سه‌رده‌شت) كه‌وتنه‌ ڕاو ته‌گبیر.** | ١- له‌شكری ورمێ فه‌رمانده‌ی هه‌یه‌.<br>٢- له‌شكری مه‌هاباد فه‌رمانده‌ی هه‌یه‌.<br>٣- له‌شكری سه‌رده‌شت فه‌رمانده‌ی هه‌یه‌. | بونی<br>بونی<br>بونی | ٣ |
| **٣٤-ئاخیرییه‌كه‌ی بڕیاریاندا له‌گه‌ڵ كوێخا هۆمه‌ری سوێسنێ وتوێژ بكه‌ن.** | ١-پێشتر بڕیاری وتوێژیان له‌گه‌ڵ كوێخا هۆمه‌ری سوێسنێ نه‌دابو. | لێكسیكی | 1 |
| **٣٥-((كێ ئه‌م زه‌نگۆڵه‌ له‌ ملی پشیله‌ بكات؟))** | ١-كه‌سێك زه‌نگوڵه‌ له‌ ملی پشیله‌ ده‌كات. | ڕۆنانی | 1 |
| **٣٦-ده‌ستیان كرد به‌ پرسیار له‌و بازرگان و ده‌ره‌به‌گانه‌ی سه‌ر به‌ ده‌وڵه‌ت بون.** | ١-پێشتر پرسیان به‌و بازرگان و ده‌ره‌به‌گانه‌ نه‌كردبو. | لێكسیكی | 1 |
| **٣٧-به‌ هه‌مویان ((كاحسێن))یان دۆزییه‌وه‌.** | ئه‌وان كا حسێنیان دۆزییه‌وه‌. | ڕاسته‌قینه‌ | 1 |
| **٣٨-كاحسێن هه‌م سه‌ید بو، هه‌م به‌ ڕاوێژی ده‌می عه‌شایری ده‌زانی.** | ١-كاحسێن پایه‌یه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تی له‌ناو هۆزه‌كان هه‌بو. | ڕاسته‌قینه‌ | 1 |
| **٣٩-كاتی شه‌ڕی هه‌وه‌ڵی جیهانی میرزای باپیراغای مه‌نگوڕ بو. له‌پاشان به‌ نۆره‌ میرزای عه‌لی ئاغای حاجی ئێلخانی و قه‌ره‌نی ئاغای مامه‌ش بو. سه‌رۆك عه‌شیره‌ته‌كان ده‌یانناسی و به‌ پیاوێكی ئاقڵیان ده‌زانی.** | ١- میرزای باپیراغای مه‌نگوڕ هه‌یه‌.<br>٢-میرزای عه‌لی ئاغای خاجی ئێلخانی هه‌یه‌.<br>٣-قه‌ره‌نی ئاغای مامه‌ش هه‌یه‌.<br>٤-كا حسێن پیاوێكی عاقڵ بو. | بونی<br>بونی<br>بونی<br>ڕاسته‌قینه‌ | ٤ |
| **٤٠-چه‌ق و ته‌قی دنیای زۆر دیبو.** | ١-چه‌قی دنیا نازانرێ. | ناڕاسته‌قینه‌ | 1 |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

| | | | |
|---|---|---|---|
| **٤١-لە شەڕی هەوەڵی جیهانیدا کە لەشکری عوسمانی لە سابلاخ (مەهاباد) بو، داوایان لە باپیراغا کرد بەخۆی و لەشکریەوە بچیّ بۆ (خەزا).** | ١- لەجیهاندا شەڕی یەکەمی جیهانی ڕویداوە.<br>٢-لەشکری عوسمانی لە سابلاخ (مەهاباد) هەبو.<br>٣-باپیر ئاغا لەشکری هەیە. | بونی<br>بونی<br>بونی | ٣ |
| **٤٢-باپیراغا بە کاحسێنیدا وەڵامێکی زۆر توندو تیژی بۆ ئەفسەری عوسمانی ناردەوە.** | ١-پێشترباپیراغا بە کا حسێنیدا وەڵامێکی زۆر توندو تیژی بۆ ئەفسەری عوسمانی نەناردبو. | لێکسیکی | 1 |
| **٤٣-ئەفسەری عوسمانی، کە دەستی نەدەگەیشتە باپیراغا، حوکمی ئیعدامی کاحسێنی دا.** | ١-پێشتر ئەفسەری عوسمانی، حوکمی ئیعدامی کاحسێنی نەدابو. | لێکسیکی | 1 |
| **٤٤-کاحسێن بە تکای قازی عەلیی باوکی قازی محەمەدی شەهید ڕزگاری بو.** | ١-بە هۆی تکای قازی عەلی کا حسێن ڕزگاریبو. | ڕاستەقینە | 1 |
| **٤٥-کە لەشکری ڕوسی قەیسەری هات و لەشکری عوسمانی شکاند، ڕۆژێک کاحسێن بۆ کاری باپیراغا دەچوە سابلاخ. لە ڕێگا توشی دەستەیەک ساڵداتی ڕوسی بو،** | ١-ڕوسیای قەیسەری لەشکری هەیە.<br>٢-عوسمانی لەشکری هەیە.<br>٣-کا حسێن هەیە.<br>٤-سابلاخ هەیە.<br>٥-کاحسێن کەوتە ناو دەستەیەک ساڵداتی ڕوسی. | بونی<br>بونی<br>بونی<br>بونی<br>ڕاستەقینە | ٥ |
| **٤٦-ساڵداتەکان کە بۆ کابرایەکی دیکە دەگەڕان، بەهەڵە چون و کاحسێنیان گرت.** | ١-پێشتر کا حسێن لەلایەن ساڵداتی ڕوسییەوە نەگیرابو. | لێکسیکی | ١ |
| **٤٧- وە لەگەڵ دیلی دیکە نێردرا بۆ قەفقاز، تا لە شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەردا بەربو، هاتەوە.** | ١-قەفقاز هەیە.<br>٢-شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەیە. | بونی<br>بونی | ٢ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

| | | | |
|---|---|---|---|
| **٤٨-کاحسێن کە بە ساردوگەرمی ڕۆژگار قاڵ ببو، بۆ ئەم کارە هەڵبژێردرا.** | کا حسێن کەسێکی لێهاتوە. | ڕاستەقینە | ١ |
| **٤٩-وە لەگەڵ ئەفسەرێک ناردیان بۆلای کوێخا هۆمەر لە گوندی (قەلەڕەشە).** | ١-کوێخا هۆمەر هەیە.<br>٢-گوندی قەلەڕەشە هەیە. | بونی<br><br>بونی | ٢ |
| **٥٠-کاحسێن گوتی: فەرماندەی سەردەشت لە پێشدا پیاوی ناردبوە لای کوێخا هۆمەر، کە لەلایەن دەوڵەتەوە دو کەس دەنێردرێن بۆ وتوێژ.** | پێشتر فەرماندەی سەردەشت لە پێشدا پیاوی نەناردبوە لای کوێخا هۆمەر بۆ وتوێژ. | لێکسیکی | ١ |
| **٥١-کوێخا هۆمەر قبوڵی کردبو.** | ١-کوێخا هۆمەر دانوستانی قەبوڵکردبو. | ڕاستەقینە | ١ |
| **٥٢- لەسەر ئەو بەڵێنیە کەوتینەڕێ.** | ١-پێشتر ئەو بەڵێنە نەبو. | لێکسیکی | ١ |
| **٥٣-کە لە سەردەشت دەرکەوتین و گەشتینە ناو نزار، دو کابرای سوێسنیی ڕوتەڵە لەبن دەوەنێک دەرپەڕین.** | ١-سەردەشت هەیە.<br>٢-کەسانی سەر بە هۆزی سوێسنی هەن. | بونی<br><br>بونی | ٢ |
| **٥٤- تفەنگەکانیان قایشی پێوە نەبو، لەجیاتیی قایش بەنیان تێخستبو.** | ١-تفەنگ هەیە.<br>٢-تفەنگ قایشی هەیە. | بونی<br>بونی | ٢ |
| **٥٥- پرسییان: بۆکوێ دەچن؟ گوتمان: لەلایەن دەوڵەتەوە دەچین بۆلای کوێخا هۆمەر.** | ١-دو کەس لەلایەن دەوڵەتەوە دەچن بۆ لای کوێخا هۆمەر. | ڕۆنانی | ١ |
| **٥٦-گوتیان: ڕاوەستن تا پرس بکەین.** | ١-پێشتر لای خۆیان ڕانەوەستێنرابون. | لێکسیکی | ١ |
| **٥٧-یەکیان ڕۆیشت، دوای نیو سەعات هاتەوە.** | ١-دوای نیو سەعات سوێسنییەکە هاتەوە. | ڕاستەقینە | ١ |
| **٥٨-گوتی: با برۆن.** | ١-پێشتر نەیوتبو با برۆن. | لێکسیکی | ١ |
| **٥٩-ڕۆیشتین، گەیشتینە بەندەنێ.** | ١-پێشتر نەچوبونە بەندەنێ. | لێکسیکی | ١ |
| **٦٠- دیسان دو سوێسی لەبن دارێک دەرپەڕین:** | ١-پێشتر نەیانبینیبو سوێسنی لەوێ بن. | لێکسیکی | ١ |
| **٦١- چ کارەن، بۆکوێ دەچن؟ لەلایەن دەوڵەتەوە دەچین بۆلای کوێخا هۆمەر.** | ١-دو کەس نێردراوی دەوڵەتن و دەچن بۆ لای کوێخا هۆمەر. | ڕۆنانی | ٢ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ٢-كوێخا هۆمەر هەیە. | بونی | |
| **٦٢-ڕاوەستن، تا پرس بکەین.** | ١-پێشتر لای خۆیان ڕانەوەستێنرابون. | لێکسیکی | ١ |
| **٦٣-یەکیان ڕۆیشت و دوای سەعاتێک هاتەوە،** | ١-دوای نیو سەعات سوێسنییەکە هاتەوە. | ڕاستەقینە | ١ |
| **٦٤-گوتی: بڕۆن.** | ١-پێشتر نەیوتبو با بڕۆن. | لێکسیکی | ١ |
| **٦٥-بە دۆڵی قەلەڕەشەدا بەربوینەوە.** | ١-دۆڵی قەلەڕەشە هەیە. | بونی | ١ |
| **٦٦- لە شیوێک دو سوێسنیمان لێ دەرپەڕی:** | ١-پێشتر نەیانبینیبو سوێسنی لەوێ بن. | لێکسیکی | ١ |
| **٦٧-چ کارەن، بۆ کوێ دەچن؟ لەلایەن دەوڵەتەوە دەچین بۆلای کوێخا هۆمەر.** | ١-دو کەس نێردراوی دەوڵەتن و دەچن بۆ لای کوێخا هۆمەر. | ڕۆنانی | ١ |
| **٦٨- ڕاوەستن، با پرس بکەین.** | ١-پێشتر لای خۆیان ڕانەوەستێنرابون. | لێکسیکی | ١ |
| **٦٩-یەکیان ڕۆیشت، دوای دو سەعات هاتەوە.** | ١-دوای دو سەعات سوێسنیەکە هاتەوە. | ڕاستەقینە | ١ |
| **٧٠-گوتی: با بڕۆن.** | ١-پێشتر نەیوتبو بڕۆن. | لێکسیکی | ١ |
| **٧١-ڕۆیشتین، گەیشتینە بەر حەوشەیەک کە بە تەیمان گیرابو، چەپەرێکی گەورەی پێوەبو. سوێسنییەک بە تفەنگەوە لەودیوی چەپەرەکە ڕاوێستابو.** | ١-حەوشەیەکی قایم هەیە و سوێنییەک پاسەوانیەتی. | ڕاستەقینە | ١ |
| **٧٢- چ کارەن، لەچی دەگەڕێن؟ لەلایەن دەوڵەتەوە دەچین بۆلای کوێخا هۆمەر.** | ١-دو کەس نێردراوی دەوڵەتن و دەچن بۆ لای کوێخا هۆمەر.<br>٢-كوێخا هۆمەر هەیە. | ڕۆنانی<br>بونی | ٢ |
| **٧٣-بانگی کرد: پیرۆت! ئەمانە دەیانەوێ بێنە لای کوێخا هۆمەر.** | ١-پیرۆت هەیە.<br>٢-پێشتر نەهاتبونە لای کوێخا هۆمەر. | بونی<br>لێکسیکی | ٢ |
| **٧٤- دوای چارەکە سەعاتێک پیرۆت لە هەیوانی هۆدەیەکەوە بانگی کرد: با بێن.** | ١-پیرۆت هەیە. | بونی<br>لێکسیکی | ٢ |


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ٢-پێشتر لەم شوێنە مۆلەتی چونەژورەوەیان پێنەدرابو. | | |
| **٧٥-ڕۆیشتین، گەیشتینە هەیوانەکە.** | ١-پێشتر نەهاتبوینە ئەم هەیوانە. | لێکسیکی | ١ |
| **٧٦-پیرۆت گوتی: ڕاوەستن.** | ١-پیرۆت هەیە.<br>٢-پێشتر ڕانەوەستێنرابون. | بونی<br>لێکسیکی | ٢ |
| **٧٧-پیرۆت چوە ژورەوە.** | ١-پیرۆت هەیە.<br>٢-پیرۆت چوەتە لای بەرپرسەکەی. | بونی<br>ڕاستەقینە | ٢ |
| **٧٨- دوای ماوەیەک هاتە دەرەوە.** | ١-لەلای بەرپرسەکەی هاتە دەرەوە. | ڕاستەقینە | ١ |
| **٧٩-گوتی: بچنە ژورەوە.** | ١-پێشتر مۆڵەتی چونە ژورەوەیان پێنەدرابو. | لێکسیکی | ١ |
| **٨٠-چوینە ژورەوە.** | ١-پێشتر نەچوبونە ژورەوە. | لێکسیکی | ١ |
| **٨١- چ ببینین؟ سەیر و سەمەرە! هۆدەیەکی قوڕین، دیوارەکانی بە دوکەڵ ڕەش ببو، میچەکەی قورماوی بو، تاقە پەنجەرێکی بچوکی تێدا بو بۆ سەرهەیوانەکە، شوشەکەی بە دوکەڵ ڕەشداگەڕابو. هیچی لێ ڕانەخرابو. لە ناوەڕاستی هۆدەکەدا کورسییەکی زستانی کە لەسەر تەنور دایدەنێن و لێفەی پێدا دەدەن و لە دەوری دادەنیشن، دانرابو.** | ١-ژورێکی زۆر ناڕێکیان بینی، کە کورسییەک لە ناوەڕاستییەوە دانرابو. | ڕۆنانی | ١ |
| **٨٢-کوێخا هۆمەر لەسەر کورسی یەکە دانیشتبو، لاقێکی نابوە سەر لاقێکی، بەسەر سەریەوە سەوەتەیەک بە بەن بە داری میچەکەوە هەڵواسرابو.** | ١-کوێخا هۆمەر هەیە.<br>٢-شێوازی دانیشتنی کوێخا هۆمەر وەکو کەسێکی توندڕەو بو، قاچی نابوە سەر قاچی، | بونی<br>ڕاستەقینە | ٢ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

| | | | |
|---|---|---|---|
| | سەوەتەیەک بەژور سەرییەوە هەڵواسرابو. | | |
| **٨٣-کوێخا هۆمەر سەری کردبو بە بن سەوەتەکەدا.** | ١-کوێخا هۆمەر هەیە.<br>٢-سەوەتەکە لە ژورسەری کوێخا هۆمەر بو. | بونی<br>ڕاستەقینە | ٢ |
| **٨٤-کوێخا هۆمەر نە تەماشای کردین، نە وەڵامی داینەوە.** | ١-کوێخا هۆمەر هەیە.<br>٢-کوێخا هۆمەر بەری لەلای ئێمە نەبو و سەیری نەدەکردین | بونی<br>ڕاستەقینە | ٢ |
| **٨٥-پیرۆت قەلیانێکی تێکرد و دایە دەست کوێخا هۆمەر.** | ١-پیرۆت هەیە.<br>٢-کوێخا هۆمەر هەیە.<br>٣-پیرۆت جگەرەی قەلیانی بۆ کوێخا هۆمەر تێکرد. | بونی<br>بونی<br>ڕاستەقینە | ٣ |
| **٨٦-کوێخا هۆمەر ناوبەناو مژی لە قەلیانەکە دەداو چاوی بڕیبوە پەنجەرەکە.** | ١-کوێخا هۆمەر هەیە.<br>٢-کوێخا هۆمەر مژی لە قەلیانەکە دەدا و سەیری پەنجەرەکەی دەکرد. | بونی<br>ڕاستەقینە | ٢ |
| **٨٧-ئێمەش وێستابوین.** | پێشتر نەوێستابوین. | لێکسیکی | ١ |
| **٨٨-کابرای ئەفسەر سپی هەڵگەڕابو، لە بیچمی وا دەردەکەوت لای وایە بەدەست ئەم دێو درنجەوە هەزار گیانی پێ بێ گیانێک بە ساغی دەرناکات.** | ١-ئەفسەر هەیە.<br>٢-هیچ کەس هەزار گیانی نییە. | بونی<br>ناڕاستەقینە | ٢ |
| **٨٩-بە چاو ئیشارەم لێ کرد: نەترسی.** | ١-پێشتر بەو شێوەیە نەترساوە. | لێکسیکی | ١ |
| **٩٠-دوای تاوێک کوێخا هۆمەر وتی: پیرۆت، چای بێنە.** | ١-کوێخا هۆمەر هەیە.<br>٢-پیرۆت هەیە.<br>٣-پێشتر ڕەفتاریان لەگەڵ ئاوەها نەبوە. | بونی<br>بونی<br>لێکسیکی | ٣ |
| **٩١-پیرۆت چایەکی هێناو داینا.** | ١-پیرۆت هەیە.<br>٢-کوێخا هۆمەر هەیە. | بونی<br>بونی | ٣ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ٣-پیرۆت چای بۆ کوێخا هۆمەر و میوانەکان هێنا و داینا. | ڕاستەقینە | |
| **٩٢-کوێخا هۆمەر ناوبەناو مژێکی لە قەلیانەکە دەداو قومێکی لە چایەکە دەخواردەوە.** | ١-کوێخا هۆمەر هەیە.<br>٢-کوێخا هۆمەر قلیانەی دەکێشا و چای دەخواردەوە. | بونی<br>ڕاستەقینە | ٢ |
| **٩٣-کە لە قەلیان و چایەکە بۆوە، ڕوی کردە ئێمە و گوتی: ئێوە کێن؟دەڵێن چی؟** | ١-ئێوە چ کەسێکن و چ نیازێکتان هەیە. | ڕۆنانی | ١ |
| **٩٤-گوتم: کوێخا هۆمەر، ئەمە ڕەسم و باوی کوردەواری نی یە.** | ١-کوردەواری ڕەسم و باوی هەیە. | بونی | ١ |
| **٩٥-لە هەمو ماڵێک ڕێز و حورمەت لە میوان دەگرن.** | ١-ڕێز لە میوان دەگیرێت. | ڕاستەقینە | ١ |
| **٩٦-ئێمە میوانی تۆین.** | ١-تۆ میوانت هەیە. | بونی | ١ |
| **٩٧-بەڵێ، کە دەستتان ناڕوات، ئەم قسانە دەکەن .** | ١-پێشتر ئەم قسانەتان نەدەکرد. | لێکسیکی | ١ |
| **٩٨-ئێستا قسەتان چی یە بیڵێن. لە پێشدا پیاویان ناردبوە لات قبوڵت کردبو ئێمە بێین.** | ١-ڕەزامەندیت دەربڕیبو، کە ئێمە بێین. | ڕۆنانی | ١ |
| **٩٩-ئەوا لەلایەن دەوڵەتەوە هاتوین قسەت لەگەڵ بکەین.** | ١-ئێمە نوێنەری دەوڵەتین و قسەت لەگەڵ دەکەین. | ڕاستەقینە | ١ |
| **١٠٠- چۆنە هاتن؟** | ١-مەبەستی هاتنەکەتان بڵێن. | ڕۆنانی | ١ |
| **١٠١- لە سەردەشت کەوتینە ڕێ و ئەوا گەیشتوینەتە ئێرە، لای تۆ.** | ١-پێشتر لە سەردەشت نەکەوتبوینە ڕێ بۆ ئەوەی بۆ لای تۆ بێین. | لێکسیکی | ١ |
| **١٠٢- نا، نا، بە وردی بۆم بگێڕنەوە توشی کێ هاتن؟ چییان لێ پرسین؟** | ١-کێ لەسەر ڕێگا بو و چ پرسیارێکیان لێکردن. | لێکسیکی | ١ |
| **١٠٣-بەوردی هەموم بۆ گێڕایەوە،** | ١-هەمو ڕوداوەکانم باسکرد. | ڕاستەقینە | ١ |
| **١٠٤- چەند جار ڕایانگرتین.** | ١-پێشتر ئاوەها ڕانەگیراوین. | لێکسیکی | ١ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠٥- چەندە برسی و تونی بوین. | ١-بێ خواردن و بێ ئاو بوین. | ڕاستەقینە | ١ |
| ١٠٦-گوتی: لێرە، لەم هۆدەیەدا چۆن؟گوتم: وەڵامی سڵاوت نەدایەوە،ماندونەبونیت نەکردین. | ١-وەڵامی سڵاوت لێوەرنەگرتینەوە. | ڕۆنانی | ١ |
| ١٠٧-لەوساوە تا ئێستا بە پێوە ڕات گرتوین. | ١-پێشتر ئاوەها بە پێوە ڕانەگیراوین. | لێکسیکی | ١ |
| ١٠٨-قسەی چیم لەگەڵ دەکەن. ئەمە وەڵامەکەتانە. | ١-ڕەفتاری ئێوە خراپە لەگەڵ ئێمە بۆیە ڕەفتاری منیش ئاوایە. | ڕۆنانی | ١ |
| ١٠٩- کردەوەی پیاوەکانی دەوڵەتەکەتان لەسەردەشت لەگەڵ ئێمە ئاوایە. | ١-کردەوەی پیاوەکانی سەردەشت لەگەڵ ئێمە خراپە. | ڕاستەقینە | ١ |
| ١١٠-بە شایەکەتان بڵێن کردەوەی پیاوەکانی باش دەکا و وەکو ئینسانان دەبزونەوە، ئەوا باشە. | ١-شا هەیە.<br>٢-کردەوە و ڕەفتارتان چاکبکەن. | بونی<br>ڕاستەقینە | ٢ |
| ١١١-ئەگەر هەر لەسەر ئەم پێ و دانانەش دەڕۆن، ئەو تاج و تەختی هەیە، منیش ئەمە (ئیشارەی بۆ سەوەتەکە کرد)تاج و، ئەمەش (ئیشارەی بۆ کورسی یەکە کرد) تەختم. | ١-سەوەتەی بە تاج و کورسییەکەشی بە تەخت دانا. | مەرجی | ١ |
| ١١٢-دەسا دەست لە دەست و قەوەت لە خوا. | ١-دوای پاڵپشتی خودا، کۆششدەکەین. | ڕاستەقینە | |
| ١١٣-کوێخا هۆمەر دەرفەتی نەداین قسە بکەین، گوتی: پیرۆت بیبانە. | ١-کوێخا هۆمەر هەیە.<br>٢-پێشتر بەو شێوەیە ڕێگریمان لێنەکراوە لە قسەکردن. | بونی<br>لێکسیکی | ٢ |
| ١١٤-پیرۆت بردینیە هۆدەیەکی گەورەی ڕوناک و خاوێن، قاڵی لێ ڕاخرابو، پاڵ و پشتیی لێ دانرابو، سەماوەر قوڵتە قوڵتی بو. | ١-پیرۆت هەیە.<br>٢-هۆدە هەیە.<br>٣-قاڵی هەیە.<br>٤-پاڵ و پشتی هەیە.<br>٥-سەماوەر هەیە. | بونی<br>بونی<br>بونی<br>بونی<br>بونی | ٥ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22


| | | | |
|---|---|---|---|
| **١١٥- دانیشتین، چایان بۆ تێکردین.** | ١-پێشتر دایاننەنیشاندین و چایان بۆ تێنەکردبوین. | لێکسیکی | ١ |
| **١١٦- دوای تاوێک کوێخا هۆمەر هات و لای خوارەوە دانیشت.** | ١-کوێخا هۆمەر هەیە.<br>٢-پێشتر ئاوەها لەگەڵمان دانەنیشتبو. | بونی<br>لێکسیکی | ٢ |
| **١١٧-بە ڕوخۆشییەوە بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕی کردین.** | ١-پێشتر ڕوی خۆش نەبو و بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕی نەکردبوین. | لێکسیکی | ١ |
| **١١٨-نان و خوانێکی باشیان هێناو نانمان خوارد.** | ١-خزمەتێکی باشیان کردین. | ڕاستەقینە | ١ |
| **١١٩-گوتم: دەی کوێخا هۆمەر، ئێستا با قسە بکەین.** | ١-کوێخا هۆمەر هەیە.<br>٢-پێشتر کەشی قسەکردن لەبارنەبو. | بونی<br>لێکسیکی | ٢ |
| **١٢٠- قسەی چی بکەین؟ ((قسە هەزارە، یەکی بەکارە)).** | ١-لە هەزار قسە یەکیان بەکارە. | ڕۆنانی | ١ |
| **١٢١-من وەڵامی ئێوەم دایەوە.** | ١-کارمەندانی دەوڵەت خراپن، بۆیە ئێمەش ئاوەها دەکەین. | ڕاستەقینە | ١ |
| **١٢٢- تۆ پیاوێکی ئاقڵی. بڕواناکەم تێنەگەشتبی.** | ١-تۆ لە مەبەستی من تێگەیشتویت. | ڕاستەقینە | ١ |
| **١٢٣-ماڵاواییمان لێکرد.** | ١-پێشتر ئاوەها ماڵئاواییمان نەکردوە. | لێکسیکی | ١ |
| **١٢٤-کوێخا هۆمەر زۆر بە حورمەتەوە بەڕێیکردین.** | ١-کوێخا هۆمەر هەیە.<br>٢-پێشتر کوێخا ڕێزی لێنەگرتین. | بونی<br>لێکسیکی | ٢ |
| **١٢٥-هاتمەوە،** | ١-پێشتر لەوێ نەهاتبومەوە. | لێکسیکی | ١ |
| **١٢٦- سەرلەشکرم تێگەیاند تاوانی ژاندارمەیە سوێسنییەکانی ئەوەندە هەراسان کردوە ناچاربون بە گژ دەوڵەتدا بچن.** | ١-سەرلەشکر هەیە.<br>٢-ژاندارم هەیە.<br>٣-سوێسنی هەن.<br>٤-دەوڵەت هەیە. | بونی<br>بونی<br>بونی<br>بونی<br>ڕاستەقینە | ٥ |


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ٥-سویسنییەکان لە ناچاری بە گژ دەوڵەتدا چون. | | |
| **١٢٧-دەوڵەت قەدەغەی کرد ژاندارم بە خاکی سویسنیدا بچێ.** | ١- دەوڵەت هەیە.<br>٢-. ژاندارم هەیە.<br>٣- سویسنی هەن.<br>٤-نابێت ژاندارم بە خاکی سویسنیدا هاتوچۆبکەن. | بونی<br>بونی<br>بونی<br>ڕاستەقینە | ٤ |
| **١٢٨-بۆ کاروباری ئەوێ دایرەیەکیان دانا بە ناوی ( دایرەی ئینتزاماتی عەشایری ).** | ١-دایرەی ئینتزاماتی عەشایری هەیە.<br>٢-فەرمانگەی ڕێکخراوی هۆزەکان ڕاگەیەنرا. | بونی<br>ڕاستەقینە | ٢ |
| **١٢٩-کابرایەکیان کردە سەرۆکی ئەو دایرەیە بەناوی (سەرهەنگ پزیشکییان).** | ١- سەرهەنگ پزیشکییان هەیە.<br>٢-سەرهەنگ پزیشکییان بوە سەرۆکی ڕێکخراوی هۆزەکان | بونی<br>ڕاستەقینە | ٢ |
| **١٣٠- سەربازەکانی پزیشکییانیش پاش یەک دو ساڵ وردە وردە چونەوە سەر پێودانەکەی ژاندارم، تا ڕژێمی ڕەزاشا ڕوخا.** | ١- پزیشکییان سەربازی هەیە.<br>٢-ژاندارم هەیە.<br>٣- ڕەزاشا هەیە.<br>٤-پاش یەک دو ساڵ سەربازەکان وەکو جارانیان کردەوە. | بونی<br>بونی<br>بونی<br>ڕاستەقینە | ٤ |
| **١٣١-ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی هاوینی١٩٤١پزیشکییان و سەربازەکانی، وەکو سڵقی ڕوت، بە توێی کراس و دەرپێ هاتنەوە مەهاباد و لەوێوە ڕۆیشتنەوە بۆ پێتەختی شاهەنشاهی.** | ١-پزیشکییان و سەربازەکانی هەن.<br>٢-مەهاباد هەیە.<br>٣-پایتەختی شاهەنشاهی هەیە.<br>٤-لە هاوینی ١٩٤١پزیشکییان و سەربازەکانی بە کراس و | بونی<br>بونی<br>بونی<br>ڕاستەقینە | 4 |


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

| | | | |
|---|---|---|---|
| | دەربڕی هاتنەوە مەهاباد و لەوێشەوە ڕۆیشتنەوە پایەختی شاهەنشاهی (تاران). | | |
| | | | ٢٠٥ |




ئاماری ڕێژەی سەدیی بەرگریمانە پڕاگماتیکییەکان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

**ئەنجام:**

1-ئاماری ڕێژەی سەدی بەرگریمانەی بونی 41.95%

2-ئاماری ڕێژەی سەدی بەرگریمانەی لێکسیکی 25.36%

3-ئاماری ڕێژەی سەدی بەرگریمانەی ڕاستەقینە 22.93%

4-ئاماری ڕێژەی سەدی بەرگریمانەی ڕۆنانی 6.83%

5-ئاماری ڕێژەی سەدی بەرگریمانەی ناڕاستەقینە 1.95%

6-ئاماری ڕێژەی سەدی بەرگریمانەی مەرجی 0.98%

7-چیرۆکنوس بە هۆی بەکارهێنانی بەرگریمانەی پڕاگماتیکییەوە، داهێنانی ئەنجامداوە و جوانییەکی سەرنجڕاکێشی بە دەقی کورتەچیرۆکەکە بەخشیوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22

# Presupposition According to Yule's Perspective in Short Story

**Khasro Ahmed Rasul**

Ronaki Evening High School, Directorate of Education for Shaqlawa, Genral Directorate of Education for Erbil, Ministry of Education, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** khasro.khoshnaw67@gmail.com

**Abstract:**

The Study is devoted to presupposition in short story. Based on Yule's view the types of presupposition have been presented. In the study, the story of (Throne and Crown of Kwekha Homer-Taji Takhti kwekha Homar) has been chosen as a sample so as to investigate the types of presupposition according to Yule's perspective, then, the percentage of pragmatic presupposition in the story are specified. Apart from the introduction, conclusion, appendix, and list of references, the study comprises of sections. First section deals with defining concepts, and types of presupposition whereas section two includes two parts. The first part focuses on the stylistics and the language of short story. Part two of section two is a practical section specifies the percentage of pragmatic presuppositions.

**Key words:** Existential, Short Story, Factive, Lexical, Presupposition, Structural.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22**

## سەرچاوەکان:


ئاڤێستا کەمال مەحمود، (2009) پراگماتیکی رستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

بەکر عومەر عەلی (2000) میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

حەسەنی قزلجی،(1985) پێکەنینی گەدا، چاپخانەی علاء، چاپی دوەم، بەغدا.

دیار علی کمال (2010) گوتاری سیاسی کوردی لە ڕوانگەی پێشگریمانەکانەوە، نامەی دکتورا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

شێرزاد سەبری عەلی،(2014)، پراگماتیک،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

عەبدولواحید موشیر دزەیی، (2011) زانستی پراگماتیک، چاپخانەی پاک، هەولێر.

علی سولحجو،(2005)، گوتار و وەرگێڕان، وەرگێڕانی کۆساری فەتاحی، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.

عومەر مەحمود کەریم، (2009) سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی کۆیە.

هێمن عومەر خۆشناو، (2010) شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

جورج یول،(2000) معرفة اللغة، ترجمة محمود فراج عبدالحافظ، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، اسكندرية.

(عبدالمجيد محمد خلف،https://buyerpress.com/?p=640991)

عماد عبد يحيى،(2021) البنى و الدلالات في لغة القصص القراني-دراسة فنية،الطبعة الثانية،مطبعة روداو، اربيل.

(منذرفالح الغزالي، https://www.almothaqaf.com/b2/923657)

جوليا.اس. فالك،(1377) زبانشناسى و زبان، بررسى مفاهيم بنيادى زبانشناسى، ترجمه خسروغلاميزاده،چاپ5،تهران.

Clark, H.H.& Clark, E.V. 1977. Psychology and Language. New York: Harcourt Brace Jovanovich.

Hudson, G. 2000. Essential Introductory Linguistics. Michigan:Blackwell Publishers Inc.

Lawal R.A., (2003). "Pragmatics in stylistics: A speech act analysis of Soyinka's 'Telephone Conversation'. In A. Lawal (Ed.) Stylistics in theory and practice. Ilorin: Paragon Books.

Leech G. (1974), Semantics, London: Penguin, pp.xii + 386 (2nd edition, entitled Semantics: the Study of Meaning, 1981).

Levinson, S. C. (1983). Pragmatics. Cambridge: Cambridge University Press.

Norgaard, N., Montoro, R., & Busse, B. (2010). Key terms in stylistics. London ; New York, NY: Continuum International Pub. Group.

Schmid, H. J. (2001). Presupposition can be a bluff. Journal of Pragmatics, http://dx.doi.org/10.1016/S0378-2166(01)00027-3.

Simpson, P. (2004). Stylistics: A Resource Book for Students (1st ed.). London & New York: Routledge. https://doi.org/10.4324/9780203496589.

Spenader, J. (2002). Presuppositions in spoken discourse.

Wang, Y. F. (2010). Analysis of Presupposition and its Function in Advertisement. Canadian Social Science, 3(4), 55-60.

Yule, G. (2000) Pragmatics (5th Impression). Oxford: Oxford University Press.




**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper22**